# ڕووداوەکەی زاخۆ وەک مۆدێل

**عەزیز ڕەئووف**

ڕووداوەکەی زاخۆ توشی شۆکی نەکردم بەقەد ئەوەی بێئومیدی کردم کە ڕەنگە لە خەیاڵی خۆمدا چانسێکم دابێت بە دەسەلات کە دەسبەرداری جۆرێک لە سەرکێشیەکانی ببێت بۆ سڕینەوەی بەرامبەر و حورمەتشکاندنی هێز و گروپ و تەنانەت مەزهەبەکانی تر. ئەوەی لەم سیناریۆیەی زاخۆدا بینیم و بە بڕوای من گواستنەوەی دەسەڵاتە لە فۆرمێکی دژایەتیکردنی شەقام بۆ مۆدێلێکی تری سیاسەت  ئەوەیە کە ئیتر دوای ئەم ڕووداوە بەرپرسان بەتەنگ پاراستی حورمەتی خۆشیانەوە نایەن لەو ناوچەیەی کە حوکمی تێدا دەکەن. واتە ئەگەر پێشتر ئەم هێزانە هەریەکەو هەوڵیاندابێت ناوچەی ئارام بۆخۆیان بهێڵنەوە، ئەوا دوای ڕوداوەکەی زاخۆ، دەسەڵاتدارانی هەرێم دەسبەرداری پاراستنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆشیان بوون لە ئارامڕاگرتن و بێدەنگکردن، ئەمەش سەرەتایەکی تەواو نالەبارە بەوەی کە ئێمە لەبەردەم دۆێکی تردایین، دۆخی بیحورمەتکردنی هەمووشت تەنها بۆ مانەوەی خۆت و بەس.

ئەگەر ڕووداوەکەی زاخۆ برینێکی تری لە جەستەی ئەم هەرێمە دروست کردبێت، ئەوا شتێکی تازەمان نەوتووە ئەگەر بڵێین دەبێت خۆمان بۆ برینی نوێ و سیناریۆی نوێ و پلانی نوێ ئامادە بکەین، لەلایەن ئەم نوخبە سیاسیەوە کە ئێستا کوردستانیان خستۆتە نێو گالیسکەیەک و لە خەرەندەکە نزیکمان دەخەنەوە. ئەگەر ڕووداوەکەی زاخۆ خەمێکی تر بێت، ئەوا دەبێت دوای ئەم ڕووداوە خۆمان بۆ خەمی تر و ئازاری تر ئامادە بەکەین، چونکە لەدوای ڕووداوەکانی حەڤدەی شوباتەوە ئیتر پێویستمان بەوە نیە و ناشتوانین زەمەن بگوازینەوە بۆ قۆناغی پێشتر، ئەگەر لە حەڤدەی شوباتەوە فاشیەت هاتبێتە بەردەرگا، ئەوا لەدوای ڕووداوەکانی بادینانەوە، فاشیەت هەنگاوەکانی بۆ ناوەڕاستی ژوورەکە ناوە و قسە بکەین چەقۆ دەوەشێنێت( وەک ڕووداوەکانی حەڤدەی شوبات)، قسەش نەکەین هەر قامچی دەوەشێنێت( وەک ڕووداوەکانی بادینان).

ئەم ڕووداوەی زاخۆ دوو خاڵی گرنگمان بۆ دەردەخات کە ناڕێت هەڵوێستەی لەسەر نەکەین:

یەکەم: سیناریۆکان ئەوەندە ڕوون و ئاشکران کە شایەنی بەڵگە هێنانەوە نین. ئەگەر زۆرجار وێنە، یان سکریتی تەلەفزیۆنەکان شوێنێک بووبێت بۆ شاردنەوەی حەقیقەت، ئەوا لە ڕووداوی زاخۆدا گرتە ڤیدیۆییەکان زۆر بە ئاشکرا ئەو وێنانەمان بۆ دەگوازنەوە کە نە پێویستی بە لیژنە هەیە و نە لێکۆڵینەوە. لە هیچ سەردەمێکی ئێمەدا بارتەقای ئەم ڕووداوانەی بادینان وێنە ڕاستگۆ نەبوو لەگەڵمان، بەجۆرێک کامێرا ڕاستیەکانی بۆ گواستینەوە بۆ ناو شاشەی تەلەفزیۆنەکان و پەیجەکانی ئینتەرنێت.

دووەم: دوای ئەم ڕووداوە دەسەڵاتی کوردی چووە قۆناغێکی تری مامەڵەی سیاسییەوە لەگەڵ هاوڵاتیانی خۆی. لێرەوە ئیتر دەسەڵات چەقۆ دەخاتە سەر ملی هێز و هاوڵاتیانی کۆمەڵگە و دەیەوێت داوای لێبوردنیش بکەن. ئەم مۆدێلە سیاسییە تەنها لای ئێمە کاری پێ دەکرێت، جەللاد داوا لە قوربانی بکات داوای لێبووردنی لێ بکات. لێبووردنی قوربانی بۆ قامچییەکانی جەلاد سەرەتای دەرکەوتەیەکی نوێی سیاسیە لە هەرێمی کوردستان و لە دوای ڕووداوەکانی بادینانەوە دروست ئێمە لە قۆناغێکداین کە دەبێت پشتمان سور بێتەوە بە قامچی جەللاد و ناشبێت بڵێین

جەلاد مەمان کوژە و جەللادیش بەهەموو دەنگی خۆی داوا لە قوربانی دەکات داوای لێبوردنی لێ بکات.
ئەوەی لە چەند ڕۆژی ڕابردووش لەسەر ئاستی میدیادا بینیمان ئەوەیە کە دەسەڵات لەم دەڤەرە هیچی نەماوە بەرگری لێ بکات، دەرکەوتنی پیاوانی حزب لە گفتوگۆکاندا و نەبوونی ستراتیژێکی قسەکردن و تێکەڵکردنی ڕستەکانیان، فەقیری ئەم دەسەڵاتەمان بۆ دەردەخات لەئاستی پیاوی مەزندا. کارەساتە حزبی کوردی گەیشتبێتە قۆناغێک پیاوی عاقڵیشی نەمابێت قسەی بۆ بکات، کارەساتە حزبی کوردی ئەوەندە بێ فکر و مۆراڵ و خیتاب بێت، گفتوگۆکان لە شاشەوە بگوازێتەوە بۆ فرێدانی جوملەی ناشرین و نەبوونی هیچ بەڵگەیەک بۆ ڕووسورپیشاندانی حزب بە خەڵک.
مەترسی ئەوە هەیە ڕووداوی زاخۆ ببێتە مۆدێلێک کە ڕقێکی گەورە دروست بکات بەرامبەر بە خۆمان و ژیانیشمان. لەدوای ڕووداوەکانی بادینانەوە ئەم هێزە بڕیاریداوە قسە بکەین و بێدەنگیش بین هەر قامچییەکەی بەکار بێنێت. من نازانم دوای ئەم ڕووداوانەی بادینان ئەم هێزە دەیەوێت چ بەڵایەکی ترمان بەسەر بێنێت و چ غەوغایەک دروست بکات بۆ دەرکەوتنی دەنگی خۆی و چۆن ئاوەکە لێڵ بکات تا ڕاستی و حەقیقەت لەیەک جودا نەکەینەوە، بەڵام تەواو بڕوام بەوە هەیە لە حەڤدەی شوبات بەدواوە دەنگی پێیەکانی دەسەڵات دەبیستم کە وردە وردە لە فاشیەت نزیک دەبێتەوە و سێبەرەکەی دەبینم کە قامچییەکی پێیە و بە قوربانیەکان دەڵێت داوای لێبوردنم لێ بکەن.

azizrauf75@yahoo.com